سوره 21: الأنبياء

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مَّعْرِضُونَ (1)

موحاسەبەو لێپرسینەوەی خەڵکی نزیك بۆتەوە، هەرچەندە (زۆربەی) ئەوان بێ ئاگاو غافڵن و پشتیان کردۆتە (ئاینی خوا) و ڕوویان وەرگێڕاوە (لە بەرنامەکەی).

مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مَّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ (2)

هیچ یاداوەری و (قورئانێك)ی تازە لەلایەن پەروەردگاریانەوە، بۆیان نەهاتووە کە ئەوانە بەدەم یاری و گەمەوە گاڵتەیان پێ نەکردبێت و پشتگوێیان نەخستبێت.

لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ وَأَسَرُّواْ النَّجْوَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ هَلْ هَذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ أَفَتَأْتُونَ السِّحْرَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ (3)

ئەوانە دڵیان بێ ئاگاو سەرگەردان بووە، ئەوانەش کە ستەمکار بوون، بەنهێنی قسەیان دەکردو پرو پاگەندەیان ئەنجام دەدا (وە بەیەکتریان دەوت) مەگەر ئەم (پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم) هەر بەشەرێك نیە وەك ئێوە؟! ئایا ئێوە بەدەم جادووگەرییەوە دەچن، خۆ ئێوە چاوتان هەیەو دەبینن!!

قَالَ رَبِّي يَعْلَمُ الْقَوْلَ فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (4)

(خوای گەورە پێغەمبەرەکەی لە باس وخواسیان ئاگادار کرد بۆیە) وتی: پەروەردگارم ئاگاداری هەموو قسەو گوفتارێکە لە ئاسمان و زەویدا وە ئەو زاتە بیسەرو زانایە.

بَلْ قَالُواْ أَضْغَاثُ أَحْلاَمٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ كَمَا أُرْسِلَ الأَوَّلُونَ (5)

بەڵكو (شتی سەیرو سەمەرە) دەڵێن: (وەك ئەوەی كە گوایە ئەم قورئانە): خەوو خەیاڵی بێ سەرو بنە، یاخود خۆی هەڵی بەستووە، بەڵكو ئەو كەسێكی شاعیرە، دەبا بەڵگەو (معجزة)یەک نیشان بدات وەكو پێغەمبەرانی پێشوو!!

مَا آمَنَتْ قَبْلَهُم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ (6)

ئەو شارو شارۆكەو دێهاتانەی پێش ئەمان (كە داوای (معجزة)یان كردووەو دوایی باوەڕیان نەهێناوە) لەناومان بردوون، ئایا ئەمانە باوەڕ دێنن؟!

وَمَا أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلاَّ رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِمْ فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ (7)

ئێمە پێش تۆ كەسانی ترمان ڕەوانە نەكردووە، جگە لە پیاوانێك (كە هەڵمان بژاردوون)، وەحی و نیگامان بۆ ڕەوانەكردوون، دە بپرسن لە خاوەنی كتێبەكانی (پێشوو) ئەگەر ئێوە (ئەم ڕاستییانە) نازانن.

وَمَا جَعَلْنَاهُمْ جَسَدًا لَّا يَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَمَا كَانُوا خَالِدِينَ (8)

ئێمە (ئەو پێغەمبەرانەمان) لە پەیكەرو لاشەیەك دروستنەكردووە كە خواردن نەخۆن، وە ژیانی هەمیشەیمان پێ نەبەخشیون.

ثُمَّ صَدَقْنَاهُمُ الْوَعْدَ فَأَنجَيْنَاهُمْ وَمَن نَّشَاء وَأَهْلَكْنَا الْمُسْرِفِينَ (9)

لەوەودوا بەڵێنی خۆمانمان بۆ بردونەتە سەرو ڕزگارمان كردوون لەگەڵ ئەوانەدا كە ویستومانەو (باوەڕیان هێناوە)، وە سەركەش و لە سنوور دەرچووەكانمان لەناو بردووە.

لَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَابًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (10)

بێگومان ئێمە كتێبێكمان ڕەوانەكردووە بۆتان كە یاداوەرییەو سەربەرزی ئێوە لە شوێنكەوتنیایەتی، ئایا ئەوە بیرو هۆشتان ناخەنە كار؟

وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا آخَرِينَ (11)

چەندەها شارو دێهاتمان كاولكردووە (چونكە خەڵكەكەی ستەمكاربوون، بەدوایاندا گەلانی ترمان هێناوەتە مەیدانەوە.

فَلَمَّا أَحَسُّوا بَأْسَنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ (12)

كاتێ (ئەو خوانەناسانە) هەستیان كردووە بەوەی كە تۆڵەو سزای ئێمە بەرەو ڕوویان هاتوەو یەخەیان دەگرێت (وەكو شێت بەهەموو لایەكدا ڕایان كردووەو سەریان لێشێواوە.

لَا تَرْكُضُوا وَارْجِعُوا إِلَى مَا أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَاكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْأَلُونَ (13)

(ئەوسا بە گاڵتە پێ كردنەوە پێیان وتراوە) ڕامەكەن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕابواردن و ماڵ و حاڵەی كە تیایدا دەژیان، بەڵكو پرس و ڕاتان پێ بكرێ و كارێك یا ئیشێك چاوەڕێتان بكات!!

قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ (14)

(ئەوجا بە دەم ڕاكردنەوە) دەیانگوت: هاوار بۆ ئێمە بەڕاستی ئێمە ستەمكاربوین (شایستەی ئەم سزایەین).

فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَاهُمْ حَتَّى جَعَلْنَاهُمْ حَصِيدًا خَامِدِينَ (15)

بەردەوام هەر ئەو قسانە دەڵێن، هەتا هەموویانمان دروێنە كردو هەموویانمان خامۆش كرد.

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ (16)

ئێمە ئاسمان و زەوی و هەرچی وا لە نێوانیاندایە بە گاڵتەو هەوانتە دروستمان نەكردووە.

لَوْ أَرَدْنَا أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّاتَّخَذْنَاهُ مِن لَّدُنَّا إِن كُنَّا فَاعِلِينَ (17)

ئەگەر بمانەوێت یاری و گەمەیەك بسازێنین، لەلایەن خۆمانەوە دەیسازێنین، ئەگەر بڕیاربێت کاری وا بکەین.

بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ وَلَكُمُ الْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ (18)

(ئەوە لە ئێمە ناوەشێتەوە) بەڵکو حەق دەماڵین بەسەر بەتاڵ و ناحەقیداو داغانی دەکەین، هاوارو واوەیلا بۆ ئێوە، بۆ ئەو بوختان و قسە نابەجێیەی کە دەیکەن.

وَلَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَنْ عِندَهُ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ (19)

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەر ئەو خاوەنیانەو لە خزمەتی ئەودان (فریشتەکان) خۆیان بە گەورە نازانن لە پەرستنیدا، هەرگیز ماندوو بێتاقەت و بێزار نابن لە ستایشی ئەو زاتە.

يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ (20)

(بەردەوام) بە شەوو بە ڕۆژ تەسبیحات و ستایشی دەکەن و هەرگیز سارد نابنەوە.

أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِّنَ الْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ (21)

(کەچی) ئادەمیزادانی نالەبار پەرستراوی ساختە لە زەویدا دەسازێنن بۆ خۆیان، مەگەر ئەوانە دەتوانن ژیان ببەخشن؟! (یان سودو زیانیان بەدەست بێت).

لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ (22)

ئەگەر لە هەردووكیاندا (لە ئاسمان و زەویدا) پەرستراوانی تر هەبوایە جگە لە (الله) كاول و وێران دەبوون و تێكدەچوون بەسەریەكدا، پاكی و بێگەردی بۆ خوا، لەو باس و خواسانەدا (كە خوانەناسان) دەیلێن و (هاوەڵ بۆ ئەو زاتە بڕیار دەدەن).

لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ (23)

ئەو زاتە كەس ناتوانێت لێی بپرسێتەوەو (محاسبە)ی بكات دەربارەی ئەو ڕووداو شتانەی كە دەیكات و پێشی دێنێت، بەڵام ئەوان (گرۆی ئادەمیزاد) بەرپرسیارن و پرسیاریان لێ دەكرێت و (محاسبە) دەكرێن.

أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ هَذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِي بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ فَهُم مُّعْرِضُونَ (24)

ئایا ئەوانە خوای تریان لە جیاتی پەروەردگار بۆخۆیان ڕەخساندووە؟! (یاخود خۆیان دەخەڵەتێنن و گێلن؟!) پێیان بڵێ: (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) بەڵگەتان بێنن (لەسەر ئەو بیروباوەڕەتان)، (من دڵنیام) كە ئەم قورئانە یادخەرەوەیە، بۆ ئەوانەی كە هاوەڵی منن و ڕێبازی منیان گرتۆتە بەر، هەروەها لە بەسەرهاتی پێغەمبەران و قەومەكانی پێش منیش دەدوێت، (بەڵام زۆربەی خەڵكی) حەق و حەقیقەت ناناسن و دژایەتی دەكەن و ڕووی لێ وەردەچەرخێنن.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ (25)

ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێكمان ڕەوانە نەكردووە، كە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی كە هیچ خوایەك نیە جگە لە من، وە دەبێت (خەڵكی) هەر من بپەرستن.

وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ (26)

(خوانەناسان) دەڵێن خوای میهرەبان (فریشتەكانی كردووە) بە كوڕی خۆی، پاكیی و بێگەردیی بۆ ئەو زاتەیە، بەڵكو (ئەو فریشتانە) بەندەی ڕێزداری ئەون.

لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ (27)

(ئەو فریشتانە ئەوەندە ڕەوشت بەرزن) هەرگیز (نافەرمانی ناکەن و قسە لە قسەیدا ناکەن و لە گوفتاریدا پێشی ناکەون، ئەوانە بە فەرمانی ئەو دەجوڵێنەوەو فەرمانی ئەو جێبەجێ دەکەن.

يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ (28)

هەر خوا دەزانێت ئەو خەڵکە لە ڕابوردوودا چیان ئەنجام داوە، وە لە داهاتووشدا چی ئەنجام دەدەن (دنیاو قیامەت و ڕابوردوو داهاتوو لای ئەو چوونیەکە)، فریشتەکانیش تکاکار نابن بۆ ئەوانە نەبێ کە خوا پێی ڕازییە، وە ئەوان لە ترسی ئەو زاتە ناوێرن هیچ سەرپێچیەك ئەنجام بدەن.

وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّي إِلَهٌ مِّن دُونِهِ فَذَلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ (29)

ئەوەی لەوان (لە خۆی غەڕا بێت و) بڵێت: منیش خوام و جگە لەو وە هەندێ سیفاتی خوایەتیم هەیە، پاداشتی ئەوانەیان ئاگری دۆزەخ دەبێت، هەر بەو شێوەیە پاداشتی ستەمکاران و یاخیەکان دەدەینەوە.

أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ (30)

ئایا کافرو خوانەناسان نابینن و، بۆیان ڕوون نەبۆتەوە کە ئاسمانەکان و زەوی یەکپارچە بوون لەوەودوا لێکمان جیاکردنەوە (کە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕاستەقینە زانستیە لەلایەن خوانەناسانەوە پەی پێ دەبرێت)، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە (زۆربەی پێکهاتەی لەشی ئادەمیزادو زیندەوەران و ڕووەک ئاوە)، ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن (بەو ڕاستیانەو بەو دەسەڵاتە بێ سنوورەی ئێمە)؟!

وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ (31)

له زەویشدا كەژ و كێوەكانمان چەسپاندووە، تا لاسەنگ نەبێت و لەر نەبێتەوەو هەڵیان نەگێڕێتەوە، لە لاپاڵی چیاكان و لە دۆڵەكاندا ڕێبازمان سازاندووە، تا خەڵكی ژیان بۆخۆیان دابین بكەن و ڕێبازی هیدایەت بگرنە بەر و ڕێیان لە گەنجینەو نازو نیعمەتە شاراوەكان بكەوێت.

وَجَعَلْنَا السَّمَاء سَقْفًا مَّحْفُوظًا وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ (32)

ئێمە ئسمانمان كردووە بە سەقفێكی پارێزراو (بۆ زەمین) كەچی ئەوانە ڕوویان وەرگێڕاوە لەو هەموو نیشانەو بەڵگانەی (كە بەڕاسەریانەوەیە).

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ (33)

هەر ئەو زاتەیە كە شەوو ڕۆژی بەدیهێناوە، خۆرو مانگیشی (دروستكردووە) هەریەكەیان لە خولگەیەكدا دەسوڕێنەوە (زەوی بە دەوری خۆرداو مانگیش بە دەوری زەویدا).

وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَفَإِن مِّتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ (34)

ئێمە پێش تۆ بە هیچ كەسێك ژیانی هەمیشەییمان نەبەخشیوە، ئایا ئەگەر تۆ بمری (دوای مەرگی تۆ) (ئەو خەڵكە) ژیانی هەمیشەیی دەبەنە سەر؟!

كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (35)

هەموو كەسێ دەبێ مردن بچێژێ و (شەرابی مەرگ بنۆشێ)، ئێمە ئێوە تاقی دەكەینەوە بە شەڕو ناخۆشی و بەڵا، وە بە خێرو خۆشی وداراییی و توانایی سەرئەنجام گەڕانەوەتان بۆ لای ئێمەیە.

وَإِذَا رَآكَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَذَا الَّذِي يَذْكُرُ آلِهَتَكُمْ وَهُم بِذِكْرِ الرَّحْمَنِ هُمْ كَافِرُونَ (36)

كاتێك كە كافران تۆ دەبینن هێچ كارێكیان لەدەست نایەت جگە لە گاڵتەو گاڵتەجاڕی، (وە بەیەكتر دەڵێن) ئا ئەمەیە باسی خواكانتان دەكات؟ (لە

کاتێکدا) ئەوان گاڵتە بە قورئانی خوای میهرەبان دەکەن و باوەڕیان پێی نیە.

خُلِقَ الْإِنسَانُ مِنْ عَجَلٍ سَأُرِيكُمْ آيَاتِي فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ (37)

ئەوەندە ئینسان (بە پەلەو تاڵوکەیە دەڵێی) لە پەلەو تاڵوکە دروست کراوە، من ئایەت و نیشانەو بەڵگەکانی خۆمتان نیشان دەدەم، پەلەم لێ مەکەن.

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (38)

(خوانەناسان) دەڵێن: باشە، کەی ئەم بەڵێنە دێتە دی ئەگەر ڕاست دەکەن؟

لَوْ يَعْلَمُ الَّذِينَ كَفَرُوا حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ النَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمْ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ (39)

ئەگەر بێ باوەڕان هەواڵی ئەو ڕۆژە بزانن (کە بەڕێوەیەو نزیکەو دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە)، ناتوانن بڵێسەی ئاگر لەدەم و چاوو ڕوخساریان، وە لە پشتیان دووربخەنەوە، بەڕاستی ئەوانە سەرکەوتوو ڕزگار نابن.

بَلْ تَأْتِيهِم بَغْتَةً فَتَبْهَتُهُمْ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ (40)

بەڵکو (قیامەت) کوتوپڕ یەخەیان دەگرێت سەرسام و ڕیسوایان دەکات، نە دەتوانن بەرگری بکەن و خۆی لێ بدزنەوەو دوای بخەن نە مۆڵەتیشیان دەدرێت.

وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون (41)

بێگومان پێش تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) گاڵتەکراوە بە پێغەمبەرانی تریش، لەوەودوا سزایەکی سەخت یەخەی ئەوانە دەگرێت

که بەچاوی سووك (دەڕوانن بۆ بەرنامەی ئێمە) و گاڵتەی پێ دەکەن و ڕەخنەی لێ دەگرن.

قُلْ مَن يَكْلَؤُكُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ مِنَ الرَّحْمَنِ بَلْ هُمْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِم مُّعْرِضُونَ (42)

(پێیان) بڵێ: کێ دەتوانێ ئێوە بپارێزێ لە شەوو لە ڕۆژدا لە سزاو تۆڵەی خوای میهرەبان، کەچێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە لە یادی پەروەردگاریان پشتیان هەڵکردووە.

أَمْ لَهُمْ آلِهَةٌ تَمْنَعُهُم مِّن دُونِنَا لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَ أَنفُسِهِمْ وَلَا هُم مِّنَّا يُصْحَبُونَ (43)

مەگەر (ئەو بێ باوەڕانە) کۆمەڵێ پەرستراویان هەیە کە دەتوانن (لە سزای) ئێمە دەربازیان بکەن؟! (ئەو کۆلکە خوایانە) نە دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و خۆیان سەربخەن، نە پەنا دەدرێن و نە کۆمەکییان دەکرێت.

بَلْ مَتَّعْنَا هَؤُلَاء وَآبَاءهُمْ حَتَّى طَالَ عَلَيْهِمُ الْعُمُرُ أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا أَفَهُمُ الْغَالِبُونَ (44)

(ئێمە بە پەلە لە دنیا تۆڵە ناسێنین) بەڵکو ئەوانەو باوانیان لە نازو نیعمەتی دنیا بەهرەوەر دەکەین، هەتا لە تەمەن درێژیش (بەهرەوەرمان کردوون)، ئایا ئەوانە نابینن کە ویستی ئێمە دەوری هەیە لەسەر زەویدا، لابەلاکانی کەم دەکەینەوەو دەسەڵاتیان لێ زەوت دەکەین، (کاتێ ئوممەتی ئیسلام شایستە دەبێ، خوای باڵادەست دەسەڵاتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناهێڵێت) ئایا مەگەر ئەو (بێ باوەڕانە) سەرکەوتوون (یان ئێمە؟).

قُلْ إِنَّمَا أُنذِرُكُم بِالْوَحْيِ وَلَا يَسْمَعُ الصُّمُّ الدُّعَاء إِذَا مَا يُنذَرُونَ (45)

(ئەی پێغەمبەر، پێیان) بڵێ: کە من تەنها لەڕێگەی وەحی و نیگاوە ئێوە بێدار دەکەمەوە، بێگومان کەسانێك هەن کە کەڕن لەئاستی حەقداو هاوارو پەیامی (ڕاستی) نابیستن کاتێ کە بێدار دەکرێنەوە.

وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ لَيَقُولُنَّ يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ (46)

خۆ ئەگەر کەمەکێك لە هاڵاوی سزای پەروەردگارت ڕوویان طی بکات و لێیان بدات، (خوانەناسان) بە جدی دەڵێن: هاوارو ئاهو ناڵە بۆ ئێمە، بەڕاستی ئێمە کەسانێکی ستەمکاربووین.

وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ (47)

ئێمە تەرازووی پێوەری دادپەروەریی لە ڕۆژی قیامەتدا دادەنێین، هیچ کەس بە هیچ شێوەیەك ستەمی لێ ناکرێت، ئەگەر بە قەدەر تۆوە خەرتەلەیەك (کە زۆر بچوك و ووردە، کارێکی چاك یا خراپ ئەنجام درابێت) دەیهێنینە مەیدان، جا ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە ئاوا بە وردیی حساب و لێپرسینەوە ئەنجام دەدەین.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ وَضِيَاء وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ (48)

بێگومان ئێمە بە موساو هاروون و کتێبی (تەوراتمان) بەخشی کە جیاکەرەوەی (حەق و بەتاڵە) هەروەها ڕووناکی و یادخەرەوەشە بۆ پارێزکاران.

الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ وَهُم مِّنَ السَّاعَةِ مُشْفِقُونَ (49)

(بە تایبەت) ئەوانەی کە لە پەروەردگاریان دەترسن لە کاتێکدا کە کەس دیار نیەو پەروەردگاریشیان لێیان پەنهانە، هەروەها ئەوانە لە قیامەت و لێپرسینەوە بیمیان هەیە (بێگومان ئەوانە لە قیامەتدا دڵنیاو ئاسوودەو دڵخۆشن).

وَهَذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَاهُ أَفَأَنتُمْ لَهُ مُنكِرُونَ (50)

ئەم (قورئانە) یادخەرەوەیەکی موبارەك و بەفەڕو پیرۆزە، دامانبەزاندووە (بۆتان) ئایا ئێوە خۆتانی لێ وێڵ دەکەن و دوورە پرێز لێی دەوەستن؟!

وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْدَهُ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِه عَالِمِينَ (51)

ئێمە ژیریی و هۆشمەندیمان پێشتر بە ئیبراهیم بەخشی، ئێمە چاک ئەومان دەناسی.

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ (52)

کاتێک کە بەباوك و قەومەکەی وت: ئەم بت و پەیکەرانە چیە؟! ئێوە بە دەوریدا دێن و دەیانپەرستن.

قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءنَا لَهَا عَابِدِينَ (53)

(لە وەڵامدا) وتیان: ئێمە باوانمان بینیوە ئەمانەیان پەرستووە (ئێمەش وەك ئەوان دەکەین).

قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (54)

(ئیبراهیم) وتی: بەڕاستی ئێوەو باوانی ئێوە لە گومڕاییەکی ئاشکرا بوون.

قَالُوا أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ اللَّاعِبِينَ (55)

(خەڵکەکە) وتیان: بەڕاست، تۆ تۆ حەقیقەتت بۆ ئێمە هێناوە یا گاڵتە دەکەیت؟!

قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ وَأَنَا عَلَى ذَلِكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ (56)

(ئیبراهیم) وتی: (من گاڵتە ناکەم) بەڵکو (دەمەوێت تێتان بگەیەنم) کە پەروەردگارتان پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویەو هەر ئەویش بەدیهێناون، وە من لەسەر ئەو بیرو باوەڕە لە شایەت و ئاگاکانم.

وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ (57)

(ئینجا ئیبراهیم لەبەر خۆیەوە سوێندی خواردو وتی:) بەخوا نەخشەیەك دەكێشم بۆ بتەكانتان دوای ئەوەی بەجێیان دێڵن.

فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (58)

ئینجا هەموویانی وردو خاش كرد جگە لە بتە گەورەكەیان، بەڵكو كە گەڕانەوە (پرسیار بكەن) و یەخەی ئەو بگرن.

قَالُوا مَن فَعَلَ هَذَا بِآلِهَتِنَا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ (59)

(بت پەرستان كە هاتنەوە بینیان بتەكانیان وردوو خاش كراوە) وتیان: ئەوە كێ ئاوای لە خواكانمان كردووە، بەڕاستی كەسێكە لە ڕیزی ستەمكاراندایە!!

قَالُوا سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ (60)

(هەندێ) وتیان: گوێمان لە لاوێك بوو باسی دەكردن و ناوی دەهێنان، پێی دەوترێ ئیبراهیم.

قَالُوا فَأْتُوا بِهِ عَلَى أَعْيُنِ النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ (61)

(ئەوسا) وتیان: بیهێنن بە بەرچاوی خەڵكەوە (موحاسەبەی بكەین و لێی بكۆڵینەوە) با ئەوانیش بەئاگابن.

قَالُوا أَأَنتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ (62)

(ئەوسا چوون ئیبراهیمیان هێناو لێیان پرسی و) وتیان: باشە ئەی ئیبراهیم تۆ ئاوات كردووە بە خواكانمان؟!

قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِن كَانُوا يَنطِقُونَ (63)

ئیبراهیم وتی: (بۆچی لە من دەپرسن، خۆ بتە گەورەكە ساغ و سەلیمە) دەڵێی هەر كاری ئەم بتە زلەیە، دە لێیان بپرسن ئەگەر قسە دەكەن.

فَرَجَعُوا إِلَى أَنفُسِهِمْ فَقَالُوا إِنَّكُمْ أَنتُمُ الظَّالِمُونَ (64)

(کەمێك داچڵەکان و) لە دڵی خۆیاندا لێکیان دایەوە، سەرئەنجام وتیان بەخۆیان: بەڕاستی هەر ئێوە خۆتان ستەمکارن (ئیبراهیم ڕاست دەکات ئەمانە ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن چۆن دەتوانن بەرگری لە ئێمە بکەن).

ثُمَّ نُكِسُوا عَلَى رُؤُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَؤُلَاء يَنطِقُونَ (65)

(بەڵام زۆری نەخایاند) سواری سەری خۆیان بوون و (گەڕانەوە بۆ نەفامییان و) وتیان: بێگومان تۆ دەزانی کە ئەوانە قسە ناکەن!!

قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ (66)

ئیبراهیم وتی: باشە ئاخر چۆن شتێك دەپەرستن لە جیاتی خوا کە ناتوانێت هیچ جۆرە قازانج یا زیانێکتان پێ بگەیەنێت، (تەنانەت ئەوەتە نەیانتوانی بەرگری لە خۆشیان بکەن).

أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (67)

هاوارو ئۆف لە ئێوەو لەو شتانەش کە لە جیاتی خوا دەیپەرستن ئایا ئەوە تێناگەن و بیروهۆشتان ناخەنەکار.

قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ (68)

(هەندێ لە ستەمکاران فەرمانیان داو) وتیان: ئیبراهیم بسوتێنن، وە پشتیوانی لە خواکانتان بکەن، ئەگەر ئێوە شتێکتان بۆ دەکرێت.

قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ (69)

(خوای گەورە دەفەرموێ، ئێمەش فەرمانمان دەرکردو) وتمان: ئەی ئاگر ببە بە ساردیی و سەلامەتیی لەسەر ئیبراهیم.

وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ (70)

ئەوانە ویستیان پیلان بگێڕن (دژی ئیبراهیم) بەڵام ئێمە ئەوانمان خەسارەتمەندو ڕیسوا کرد.

وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ (71)

ئێمە ئەویش و (لوط)یشمان ڕزگار کردو ناردمانن بۆ ئەو سەرزەمینەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندووە بۆ هەموو خەڵکی و هەموو سەردەمەکان (کە مەککەی پیرۆزە).

وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً وَكُلًّا جَعَلْنَا صَالِحِينَ (72)

هەروەها ئێمە ئیسحاق و بە ئیسحاقیش یەعقوبمان پێ بەخشی، وە هەر یەکێک لەوانمان کردە پیاوچاک و خواناس.

وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِمْ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَإِقَامَ الصَّلَاةِ وَإِيتَاء الزَّكَاةِ وَكَانُوا لَنَا عَابِدِينَ (73)

وە هەموو ئەوانمان کردە پێشەواو بە فەرمانی ئێمە هیدایەتیان دەبەخشی، وە نیگامان بۆ کردن کە کارو کردەوەی چاك و دروست ئەنجام بدەن، وە نوێژەکانیان بە چاکیی بکەن، وە زەکاتیش لە ماڵ و سامانیان دەربکەن، ئەو (بەڕێزانە) هەر ئێمەیان دەپەرست و هەر بەندایەتی ئێمەیان دەکرد.

وَلُوطًا آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَت تَّعْمَلُ الْخَبَائِثَ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فَاسِقِينَ (74)

بە لوط (پێغەمبەریش) حیکمەت و دانایی و زانیاریمان بەخشی وە ڕزگارمان کرد لەو شارۆچکەیەی شەرواڵ پیسییان دەکرد، بێگومان ئەوانە قەومێکی ناڵەبارو خراپ و بەدخوو تاوانکاربوون.

وَأَدْخَلْنَاهُ فِي رَحْمَتِنَا إِنَّهُ مِنَ الصَّالِحِينَ (75)

ئێمە (لوط)مان خستە ژێر سایەی ڕەحمەت و میهرەبانیی خۆمانەوە، بەڕاستی ئەو لە ڕیزی بەندە چاک و باشەکاندایە.

وَنُوحًا إِذْ نَادَى مِن قَبْلُ فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ (76)

هەروەها پێشتر نوح پێغەمبەر هاناو هاواری (بۆ هێناین) ئێمەش نزامان گیراکردو خۆی و خێزانەکەیمان لە تەنگانە گەورەکە ڕزگار کرد.

وَنَصَرْنَاهُ مِنَ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ (77)

وە سەرمان خستن بەسەر ئەو کەسانەدا کە بەڵگەو نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەخستەوەو بڕوایان پێی نەبوو، بەڕاستی ئەوانیش قەومێکی نالەبارو خراپ بوون، هەموویانمان نوقمی ئاوی تۆفانەکە کرد.

وَدَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَاهِدِينَ (78)

داود و سلێمان کاتێ کە بڕیاریان دەکرد دەربارەی ئەو بێستان و کشتوکاڵەی لە مەڕو ماڵاتی هەندێ کەس بڵاوبوونەوە تیایدا، زیانیان بە کێڵگە گەیاند، وە ئێمە شایەت بووین لەسەر ئەو داوەری و بڕیارەی ئەوان.

(لەسەردەمی حوکمی حەزرەتی داودا ڕانە مەڕێك زەوی و زاری کابرایەکی کاولکرد، کابراش چوو شکاتی لاکرد، ئەویش بڕیاری دا کە هەموو ڕانە مەڕەکە بدرێ بە خاوەن زەویەکە، بەڵام حەزرەتی سولەیمانی کوڕی ڕایەکی پەسەندتری هەبوو وتی: با ماڵاتەکەی بدرێتە دەست خاوەن زەویەکە تا زیانەکەی پڕ دەکاتەوە، لەوەدوا بیگەڕێنێتەوە).

فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ وَكُلًّا آتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ وَكُنَّا فَاعِلِينَ (79)

ئێمە چارەسەری کێشەکانمان لە سولەیمان گەیاند، بەڵام هەریەکە (لەم باوک و کوڕە) بەهرەوەرمان کردبوو لە حیکمەت و دانایی و عیلم و زانست، ئێمە باڵندەو چیاکانمان لەگەڵ داودا ملکەچ و فەرمانبەردار کردبوو، هەمووان پێکەوە تەسبیحات و ستایشی ئێمەیان دەکرد، هەر ئێمەش دەتوانین ئەم کارە بکەین.

وَعَلَّمْنَاهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّن بَأْسِكُمْ فَهَلْ أَنتُمْ شَاكِرُونَ (80)
هەروەها ئێمە داودمان فێری دروست کردنی قەڵغان و زرێ کرد تا لەکاتی شەڕو توندو تیژیدا بتان پارێزێت، ئایا (لە بەرانبەر ئەم هەموو نازو نیعمەتانەوە) ئێوە سوپاسگوزار دەبن؟!

وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِي بِأَمْرِهِ إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَكُنَّا بِكُلِّ شَيْءٍ عَالِمِينَ (81)

بۆ سولەیمانیش ڕەشەبامان ڕەخساند کە بەفەرمانی ئەو، بە توندیی هات و چۆ بکات بۆ ئەو سەرزەمینەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندووە، وە ئێمە بەهەموو شتێك زاناو شارەزاین.

وَمِنَ الشَّيَاطِينِ مَن يَغُوصُونَ لَهُ وَيَعْمَلُونَ عَمَلًا دُونَ ذَلِكَ وَكُنَّا لَهُمْ حَافِظِينَ (82)

وە لە شەیاتەنکانی پەریش هەندێکیمان بۆ ڕام هێنابوو کە بچنە ناو بنکی دەریاوە (تا گەوهەرو مرواری و شتی بەنرخی بۆ دەربێنن) وە کاری تریشمان جگە لەمە پێ دەکردن (وەکو دروستکردنی کۆشک و تەلارو پەیکەرو...هتد) وە ئێمە چاودێریمان دەکردن (تا کارەکانیان بەچاکی ئەنجام بدەن و زیان بە خەڵک نەگەیەنن).

وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (83)

باسی (ئەیوب)یش بکە کە هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری برد (دوای ئەوەی ماوەیەکی دووروودرێژ نەخۆش کەوتبوو، جگە لەوە پێشتریش ماڵ و سامان و منداڵەکانی تیاچووبوون) وتی: بەڕاستی من تووشی ئازارو ناخۆشی بووم، تۆش ئەی پەروەردگارم لەهەموو کەس میهرەبانترو لە هەموو کەس دلۆڤانتری.

فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِن ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَى لِلْعَابِدِينَ (84)

ئێمە نزامان گیرا کردو بە هاواریەوە چووین و هەموو ناخۆشی و نەخۆشییەکمان لەکۆڵ کردەوە، هەموو ماڵ و منالێمان پێ بەخشیەوەو

ئەوەندەی تریش (دەکرێ خوای گەورە هەر هەمان ماڵ و منداڵی پێشووی بۆ زیندوو کردبێتەوە، یاخود نەوەی نوێی پێشکەش کردبێ) ئەوە ڕەحمەتێکی تایبەتی بوو لەلایەن ئێمەوە یاداوەریشە بۆ بەندە خواپەرستەکان (ئەگەر ئەوانیش تووشی بەڵاو ناخۆشی بوون وەک ئەم، لەوەودوا نزایان کرد وەك ئەو، بەهاناو هاواری ئەوانیشەوە دەچین).

وَإِسْمَاعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا الْكِفْلِ كُلٌّ مِّنَ الصَّابِرِينَ (85)

(ئیسماعیل و ئیدریس و ذوالکفل)یش هەریەکەیان (لە تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکاندا سەرکەوتووبوون).

وَأَدْخَلْنَاهُمْ فِي رَحْمَتِنَا إِنَّهُم مِّنَ الصَّالِحِينَ (86)

ئێمە هەموویانمان خستە ژێر سایەی ڕەحمەت و میهرەبانیی خۆمانەوە، بەڕاستی ئەوانە لە چاک و پاکانن.

وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ (87)

(ذوالنون)یش (کە یونس پێغەمبەرە) کاتێ کە قەومەکەی بەجێ هێشت و ڕۆشت، گومانی وابوو کە دنیای لێ تەنگ ناکەینەوە، لەناو تاریکستانی (شەوو دەریاو ناو سکی نەهەنگەکەدا) هاوارو نزای لێ بەرز بۆوەو وتی: پەروەردگارا هیچ خوایەک نیە جگە لەتۆ، هەر تۆ شایستەی هەموو ستایشێکی، بەڕاستی من ستەمم لەخۆم کرد (کاتێك کە بەبێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێ هێشت).

فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ (88)

ئێمەش بەهانایەوە چووین و ڕزگارمانکرد لەو غەم و پەژارەو تەنگانەیەی کە تێی کەوتبوو، جا هەر بەو شێوەیە ئیمانداران ڕزگار دەکەین (کاتێك کە دەکەونە تەنگانەوەو هاناو هاوار بۆ ئێمە دێنن).

وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ (89)

هەروەها (زكريا)ش كاتێك هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری برد و وتی: پەروەردگارا من بەتەنهایی مەهێڵەوە (نەوەیەكی چاک و پاكم پێ ببەخشە) چونكە تۆ چاكترین زاتێكی لە نەوەی چاك و وەچەی دینداردا.

فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ (90)

ئێمەش نزامان گیرا كردوو (یحیى)مان پێ بەخشی، هاوسەرەكەشیمان بۆ چاک و دیندار كرد، بەڕاستی ئەوانە هەموویان چالاك و گورج و گۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو خێرو چاكەیەكدا، وە نزای بەكوڵیان دەكرد، بەڕاستی ئەوانە (ڕەحمەت و بەهەشتی ئێمە، وە لە دۆزەخ و خەشمی ئێمە) دەترسان، وە ئەوان هەمیشە ترسی ئێمەیان لەدڵدا بوو، زۆر مەبەستیان بوو كە ئێمە لێیان نەڕەنجێین.

وَالَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلْنَاهَا وَابْنَهَا آيَةً لِّلْعَالَمِينَ (91)

هەروەها (مريم) ئەو ئافرەتەی كە داوێنی خۆی بە خاوێنی ڕاگرت، ئێمەش لەو ڕۆحەی كە خاوەنی بوین پێمان بەخشی، وە خۆی و كوڕەكەیمان كرد بە (معجزة)و بەڵگە بۆ هەموو خەڵكی.

إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ (92)

بەڕاستی ئا ئەمەیە ئوممەت و هاوبیرو هاوڕێبازانی ئێوە، منیش پەروەردگارتانم، تەنها من بپەرستن.

وَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ كُلٌّ إِلَيْنَا رَاجِعُونَ (93)

(لەگەڵ ئەم بەرنامە پاک و بێگەرد و بێ پێچ و پەنایەدا زۆربەی خەڵكی، لە ڕێبازی یەكتاناسی و ئاینی ئیسلام لایانداو) بەش بەشیانن كرد لە نێوانی خۆیاندا، جۆرەها دەستەو گرۆ دروست بوو، هەر هەمووشیان بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە.

فَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا كُفْرَانَ لِسَعْيِهِ وَإِنَّا لَهُ كَاتِبُونَ (94)

جا ئەوەی کارو کردەوەی چاکە بکات لە کاتێکدا کە ئەو کەسە باوەڕدارە، بێگومان هەوڵ و کۆششەکەی پشتگوێ ناخرێت و بەزایە ناچێت، بەڵکو ئێمە بۆی یاداشت و تۆمار دەکەین.

وَحَرَامٌ عَلَى قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا أَنَّهُمْ لَا يَرْجِعُونَ (95)

حەرامەو ئەستەمە لەسەر هەر شارو شارۆچکەیەك کە کاولمان کردووە، هەرگیز دایشتوانی جارێکی تر (لەدنیادا) ناگەڕێنەوەو زیندوونابنەوە.

حَتَّى إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ (96)

(دنیا بەردەوام دەبێ) هەتا ئەو کاتەی دوو تیرەی یاجوج و ماجوج (بەربەستەکەی ذوالقرنین دەشکێنن و) دەیکەنەوە (کە ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی نزیك بوونەوەی کۆتایی دنیا) وە ئەوانە ئەو کاتە لە هەموو کون و کەلێنێکەوە بەلێشاو پەیدا دەبن.

وَاقْتَرَبَ الْوَعْدُ الْحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَاخِصَةٌ أَبْصَارُ الَّذِينَ كَفَرُوا يَا وَيْلَنَا قَدْ كُنَّا فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا بَلْ كُنَّا ظَالِمِينَ (97)

ئەوسا ئیتر بەڵێنی ڕاستی نزیك دەبێتەوەو دەست پێدەکات، (دەبینی) چاوی ئەوانەی بێ باوەڕن ئەبڵەق و زەق دەبێت، (بێ پەروا دەڵێن) هاوار بۆ ئێمە، چاك غافڵ بووین لەم ڕۆژە، لەم سەرئەنجامە نا بەڵکو ئێمە ستەمکاربووین.

إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ (98)

(پاشان پێیان دەوترێت) بێگومان ئێوەو ئەو شتانەی لەجیاتی خوا دەتانپەرست سووتەمەنی دۆزەخن و سەلکە بزووتی ئاگرن، دەبێ هەر بچنە ناوی.

لَوْ كَانَ هَؤُلَاء آلِهَةً مَّا وَرَدُوهَا وَكُلٌّ فِيهَا خَالِدُونَ (99)

(به موشریکەکان دەوترێت) ئەوانەی (ئێوە دەتانپەرست) ئەگەر خوا بوونایە ئاوا نەدەخرانە ناو دۆزەخەوە، بێگومان هەرهەموویان (موشریکەکان و پەرستراوەکان) لە دۆزەخدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَهُمْ فِيهَا لَا يَسْمَعُونَ (100)

ئەوانە بە هەناسەی قورس و لرخەلرخ و ئاهو ناڵەوە (تیایدا ژیانی سەخت دەبەنە سەر، وە مژدەو هیواو قسەیەکی خۆش) نابیستن.

إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا الْحُسْنَى أُوْلَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ (101)

بەڕاستی ئەوانەی کە هەر زوو بڕیارمان داوە چاکە بینینە ڕێیان (بەهۆی ئیمان و باوەڕو کردەوەی چاکیانەوە) ئەوانە دوورن لەو دۆزەخەوە.

لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا وَهُمْ فِي مَا اشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَالِدُونَ (102)

ورشەو دەنگی بڵێسەی نابیستن، (بەڵکو ئەو بەختەوەرانە لەناو ئەو نازو نیعمەتاندا) کە حەزی لێ دەکەن و ئارەزووی دەکەن، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا، بۆ هەتا هەتایی دەژین.

لَا يَحْزُنُهُمُ الْفَزَعُ الْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ هَذَا يَوْمُكُمُ الَّذِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ (103)

(ئەو بەختەوەرانە) لێقەومانی گەورەو تەنگانەی بێ سنووری (بەرپابوونی قیامەت) تووشی غەمباریی و پەژارەیان ناکات، (بەڵکو) فریشتەکان (بەڕووی خۆشەوە پێشوازییان لێ دەکەن و دەڵێن) ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە کاتی خۆی بەڵێنتان پێ درابوو (ئێوە ئیتر ڕزگارتان بوو لە تەنگانەو ناخۆشی دنیا، ئێوە ئیتر بۆ هەمیشە دەکەونە خۆشیەوە).

يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاء كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ (104)

ڕۆژێك دێت ئێمە ئاسمان دەپێچینەوە، هەروەك چۆن کتێبی کراوە دادەخرێ و دەپێچرێتەوە هەروەك چۆن لەسەرەتاوە دروستمانکرد، وەك

ئەوسای خۆی لێ دەکەینەوە (بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بە شیوەیەکی تر دروستی بکەینەوە) ئەوە پەیمان و بەڵێنی ئێمەیە بێگومان ئێمە ئەو کارە ئەنجام دەدەین.

وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ (105)

بەڕاستی ئێمە لە کتێبی زەبووردا دوای (ذکر)و یادمان بڕیارمان داوە کە بەندە چاك و پاکەکانم دەبنە خاوەنی زەوی لە (دنیادا)، وە لە قیامەتیشدا خاوەنی سەرزەوی بەهەشتن.

إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَاغًا لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ (106)

ئە لام (باسانەدا مژدەی ئاشکرا هەیە) بۆ کەسانی خواپەرست و بەندە ملکەچەکان.

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ (107)

ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) بۆ ئەوە نەبێ کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزادو گیانلەبەران و ڕووەک و پەری و ...هتد).

قُلْ إِنَّمَا يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ (108)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تۆ) بڵێ: بەڕاستی من وەحی و نیگام بۆ کراوە کە خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، ئایا ئێوە تەسلیمی ئەم بڕیارە دەبن.

فَإِن تَوَلَّوْا فَقُلْ آذَنتُكُمْ عَلَىٰ سَوَاءٍ وَإِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٌ مَّا تُوعَدُونَ (109)

خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکردو گوێیان نەگرت (بۆ گوفتارو بەرنامەی ڕوون و ئاشکرای تۆ، ئەوە پێیان) بڵێ: من (پەیامی خوام) بە هەمووتان بە یەکسانیی گەیاندووە (وە هیچ شتێکم لەکەس نەشاردۆتەوە) من ئیتر نازانم ئەو بەڵێنەی کە بەئێوە دراوە نزیکە یان دوورە (دەربارەی سەرکەوتنی ئیمانداران).

إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ مِنَ الْقَوْلِ وَيَعْلَمُ مَا تَكْتُمُونَ (110)

(وە دڵنیا بن کە) بەڕاستی هەر ئەو زاتە خۆی دەزانێ و ئاگایە بە گوفتاری ئاشکرا، وە هەر ئەویش دەزانێت و ئاگادارە لەوەی کە دەیشارنەوە.

وَإِنْ أَدْرِي لَعَلَّهُ فِتْنَةٌ لَّكُمْ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ (111)

من نازانم (لەوانەیە ئەم دواخستنی تۆڵەیەو بەڵێنی پەروەردگارە) بۆ تاقیکردنەوەتان بێ، تا کاتێکی دیاریکراو بۆ خۆتان ڕابوێرن (لە دنیای کۆتا تەمەندا، یاخود بەڵکو بەخۆدا بچنەوەو ڕێبازی دینداری بگرنە بەر).

قَالَ رَبِّ احْكُم بِالْحَقِّ وَرَبُّنَا الرَّحْمَنُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ (112)

دوای گەیاندنی پەیامی خواو گوێ پێنەدانی خوانەناسان (پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: پەروەردگارا دادگەرانە لە نێوان من و ئەمانەدا داوەری بفەرموو (قسە ناقۆڵا و ناپەسەندانەی کە دەربارەی ئەو زاتە) دەیڵێن و هەڵیدەبەستن.